ساند سلێمان





# مانگی ڕەمەزان خۆشەویستی و سـ

**مانگی ڕەمەزانی پیرۆز تایبەتمەندییەتی و جیاوازیی هەیە لەگەڵ مانگەکانی دیکەدا ئەمەش لە فەرهەنگ و کەلتووری نەتەوە موسڵمانە جیاوازەکاندا بەدی دەکرێت، لە کوردستانیش کە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکەکەی موسڵمانن، زۆر بەرێز و تەقدیرەوە پێشوازی لێ دەکرێت ولە زۆر شوێندا بەنەریتی کوردەواری پێشوازی لەم بۆنە**

هەورۆ خدر گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵە، گەنجێکی کاسبەو بە پەرۆشەوە دەڵێت» زۆر پەلەم بۆ ئەوەی مانگی ڕەمەزان دووبارە بێتەوە، چونکە لەو مانگەدا هەست دەکەم کەشێکی زۆر تایبەت لە ناو خێزانەکەمان وکۆمەڵگا بەگشتی دروست دەبێت، لەراستیدا لەو مانگەدا لە ناخەوە هەست دەکەم بەرەو بەهەشت دەڕۆم، هەروەها خوای گەورە بەڵێنی بە ئێمە داوە کە لەو مانگە بەرۆژوو بین ئەوا بەر لێخۆش بوونی خۆی دەکەوین» ئەو گەنجە دەڵێت: لە مانگی ڕەمەزان کاتێك بەرۆژوو دەبم ئەوە بیرم دێتەوە کە کەسانێك هەن هەژارو برسین، پێویستیان بە یارمەتی هەیە، بەزەیی و میهرەبانی دەگەڕێتەوە نێو د لـی هەمووماان، بێگومان ئەوەش بەهۆی خۆشەویستی ئەو مانگەیە.

**لەو مانگەدا کەشێکی تایبەت لەناو خێزانەکەم دروست دەبێت**

نورا نەبەز کچێکی تەمەن ١٤ ساڵە زۆر حەزی بە مانگی ڕەمەزانە، ئەگەرچی لەو مانگەشدا ناتوانێت بەڕۆژوو بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو مانگەدا لە ماڵەوەیان کەشێکی تری جیاواز هەیە وایکردوە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو مانگە بێت و دەڵێت» هەرچەندە من بەڕۆژوو نابم، بەڵام بەهۆی ئەو مانگەوە براکانم ئێواران لەسەر خوانی نان خواردن ئامادە دەبن، چونکە کاتەکانی تر بەردەوام لە دەرەوەن، بەڵام لە ڕەمەزان هەمووومان ئێواران لەسەر سفرەی خواردن کۆ دەبینەوەو چاوەرێی مەلا دەکەین تا بانگێ بدات و ئیتر بۆ ئەوەی پێکەوە دەست بە نان خواردن بکەین»

**لە ڕەمەزاندا دڵخۆشم چونکە لەگەڵ منداڵەکانم کۆدەبمەوە**

عومەر ساڵح پیاوێکی بەتەمەنەو خاوەن ٦ منداڵە، هەمیشە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی مانگی ڕەمەزانە،








# ــۆز بۆ نێو خێزانەکان دەگەڕێنێتەوە

**ئایینیە دەکرێت بەجۆریك نەریتی نەتەوەیی و ئایینی لەم مانگەدا تێکەڵ بووەو لێکجیاناکرێنەوە، بەتایبەتی لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا کە کەشوهەوایەکی تایبەت و بێ وێنە لە کوردستان دەهێنێتە ئاراوە و خەڵکی بە شێوازێکی جیا و تایبەت پێشوازی لێ دەکەن و سرووتی ئایینی و یاریی جۆراوجۆر لەم مانگەدا بەرچاو دەکەوێت.**

چونکە هەموو ئێوارانێك لەگەڵ منداڵەکانی کۆدەبنـــەوە، ئەو پیاوە دەڵێـــت: لە تەمەنی ٩ ســـاڵییەوە باوکم فێـــری کـــردووم رەمەزانان بەرۆژوو بـــم و یارمەتی هـــەژاران بدەم، هەرگیز ئەوەش فەرامۆش نەکەم کە ئێواران لە سەر خوان لەگەڵ خێزانەکەم ئامادە بم، چونکە خۆشـــی رەمەزان لەوەدایە سۆز وخۆشەویستی بگەڕێتەوە نێوان هەموو تاکەکانی کومەڵگا.

**کۆمەڵگای کوردەواری گرینگی تایبەت بە مانگی رەمەزان دەدات**

بڕوایـــەك هەیـــە کـــە پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگـــەڵ یەزداندا لە چوارچێوەی ئەم مانگەدا نزیکتـــر و پتەوتر دەبێـــت، تێیدا مرۆڤ هەر داواکارییەکی هەبێت یەزدانی گەورە بـــۆی دێنێتـــە دی لەســـەروو هەموویانەوە خۆشـــبوون لە تاوان و گوناهەکانـــی مرۆڤە، لەو باریـــەوە توێژەری کۆمەڵایەتی فـــازڵ عومەر دەڵێت» بەهاتنی مانگی رەمەزان کۆمەڵگەی کوردی دەچێتە ناو کەشـــێکی تایبەتەوە، بـــەو مانایەی ئەم مانگـــە لە تەواوی مانگەکانـــی تر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازەو گۆڕانکاری بەســـەر ژیانی تاکەکاندا دێـــت، بەوەی هەر تاکێك لە هەوڵی ئەوەدایە بەســـوود وەرگرتن لەم سرووتە ئاینییـــە پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتیەکانی رێك بخاتەوە بە ئاڕاستەیەك کە لە ئاستی رەزامەندی یەزداندا بێت، ئەگەر لەمانگەکانی تردا



سەرقاڵی مرۆڤ بەکاروبارەکانیەوە وای کردبێت کە کەمتر خێزانەکان لەو کاتەدا لەسەر یەك سفرەو خوان کۆببنەوە، ئەوا لەمانگی رەمەزاندا هەموو ئەو حاڵەتانە تێدەپەڕێ و مرۆڤ بەگشتی سۆزو هەستیان بۆ یەکتر زیاتر دەبێت. ئەم مانگە چەندە لە ڕووی ئاینیەوە دەبێتە هۆی ڕێکخستەوەی پێوەندی نێوان مرۆڤ و یەزدان، بەئەندازەی ئەوەش لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەبێتە مایەی پتەوبوونی پێوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگاو ئەندامانی یەك خێزان، چونکە ئەو کەشەی کە دروست دەبێت بۆ پێکەوەبوونی ئەندامانی یەك خێزان وائەکات کە ئەم پێوەندییە پتەوتر بێت، ئەو توێژەرە دەڵێت: بڕوام وایە ئاستی پێشوازی لە مانگی رەمەزان لەهەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری رۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی زۆر زیاترە، چونکە لە زۆرێك لەوڵاتانی عەرەبی ئەم مانگە وەك مانگێکی تەرفیهی سەیر دەکرێت، لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان مانگی پەرستش و عیبادەتە، پێموایە ئەم مانگە لە هەر وڵاتێکی ئیسلامیدا پێشوازی لێدەکرێت بەس جۆر و شێوازی پێشوازییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، وەك ئاماژەم پێدا لەهەندێك شوێن وادەردەکەوێت کە ئەم مانگە مانگی تەرفیهات و ئیسراحەت و ئیسرافە، لەهەندێ شوێن ئەم مانگە دەبێتە مانگی پەرستش و عیبادەت و مرۆڤ کاتەکانی خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەم مانگە.

### ئایین رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت

مامۆستای ئایینی مەلا عومەر لەم بارەیەوەدەڵێت: بەهۆی ئەوەی لە مانگەدا شەیتان دەبەسترێتەوە، ئایین رۆڵێکی سەرەکی دەبێت و سۆز و خۆشەویستی بۆ ناو خێزانەکان دەگەڕێتەوە،ئەوەی گرینگە مرۆڤەکان بەزەییان بە یەکتر دێتەوە هەست بە هەژارەکان دەکەن، جۆرە یەکسانیەك لە نێوان مرۆڤەکان دروست دەبێت، کەسەکان لە مزگەوت هەموو دەبنە یەك ریز و واتە تێکەڵاوییەك لە نێوان کەسەکان دروست دەبێت، ئەویش لە ڕێگای ئەو خۆشەویستیەی بۆ مانگی رەمەزان هەیە، خەڵکەکان هەموو هەوڵدەدەن هاوکاری یەکتری بکەن، کێشەکانی یەکتری چارەسەر بکەن و ئەو مانگە بەردەوام بە خۆشەویستیەوە بەڕێبکەن، پێغەمبەر (د.خ) هەر کە رەمەزان دەهاتەوە مژدەی بە یاوەرانی دەدا و دەیفەرموو ( وا مانگی رەمەزان هاتەوە لاتان،مانگێکی پیرۆزە، خوای گەورە فەرمانی پێداوین ڕۆژەکانی بەرۆژوو بین، لە رەمەزاندا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە، دەرگاکانی دۆزخ دادەخرێن).

# دەهۆڵ لێدان

لەوەتەی بەبیرم دێت هەموو پارشێوانی ڕەمەزانان دەهۆڵ لێدەدەم لەنێو شەقامەکان و خەڵك بەخەبەردەکەمەوە « ئەمەقسەی مام حەسەنی تەمەن ٥٠ ساڵانە کەماوەی ٣٥ ساڵە دەهۆڵ لەشەوانی ڕەمەزانداو لەنێو کۆڵان و شەقامەکان دەهۆڵ دەکوتێت، ئەوەی جێی سەرەنج ڕاکێشانە، ئەم پیاوە مانگێك پێش ڕەمەزان بۆ ئەم کارە خۆی ئامادە دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت « ئەم کارە لەباوکمەوە بۆم بەجێماوە، تا ئێستاش لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەو لەمانگی ڕەمەزاناندا بەردەوامیم پێداوە، سەرەتا کەدەستم بەم کارە کرد بەقوتوی ڕۆن دەستم پێکرد، شەوانە لەنێو شەقامەکان دەگەڕام بۆئەوەی خەڵك بەخەبەربکەمەوە یان لەدەرگای ماڵانم دەدا، بەڵام ئێستا دەهۆڵێکم بۆ ئەم کارە کڕیوە، مام حەسەن ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەبەرانبەرئەوەی دەهۆڵ لێدەدا، خەڵك پارەی پێدەدەن و ئەمیش خۆی ئامادەدەکا تا بۆجەژن شتی پێبکڕێت.

دەهۆڵ لێدان لە پارشێوانی ڕەمەزاندا یەکێکە لەودیاردانەی کەمێژوویەکی دێرینی لەزۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا هەیە، لەقۆناغێکدا بۆئاگادارکردنەوە بەکاردەهێنرێت بۆئەوەی خەڵکی لە خەو هەڵسن و شەوانە پارشێو بخۆن و بەڕۆژو ببن، دەهۆڵ لێدەرەکانیش کەئەم پیشەیەیان وەك نەریتێك هەڵگرتووە خۆیان ئاماژەی پێدەدەن کە ناتوانن دەستبەرداری بن، چونکە هیچ پیشەیەکی تر نازانن و خۆیان فێری هیچ کارێك نەکردووە لەمە زیاتر، زۆربەشیان بەمیرات ئەم پیشەییان بۆماوەتەوە.

### وابڕوات واز دەهێنم

حەسەن چاوشینی تەمەن چل و سێ ساڵ یەکێکە لەو کەسانەی کە مێژوویەکی دوورودرێژی لەم کارەدا بۆ خۆی تۆمارکردووە، چونکە هەموو تەمەنی هەر بەم پیشەیەوە بردۆتە سەر و هیچ کارێکی تری نەکردووە،ئەمیش دەڵێت « منداڵبووم کاتێك باوکم دەهۆڵژەن بوو، پارەیەکی باشی دەستدەکەوت چونکە ئەو کات لەهەموو شایی وهەڵپەڕکێیەکدا دەهۆڵیان دەویست، بەپێچەوانەوە ئێستاوە کە بژێویمان خراپە و کەس نامانبات بۆکار، تەنیا ڕەمەزانان کارمان هەیە .

زۆربەی ماڵەکان پارەمان نادەنێ، کەسیش خێرناکات، چونکە خەڵك باوەڕیان بەخێرنەماوە .

### خەڵك دەڵێن ئێمە بەڕۆژوونەبووین پارەش نادەین و ئیزعاجیشمان مەکە

خەلیل شایەر تەمەنی بیست ودووساڵ سەبارەت بەبژێوی ڕۆژانەیان وتی ئاستی بژێویمان زۆر خراپ بووە بەراورد بەجاران، چونکە تەنیا لە ڕەمەزاناندا پارەمان دەست دەکەوێت، پارەکەش زۆر کەمەو تەنیا بەشی ژیانێکی کولەمەرگی دەکات، زۆربەی خەڵکیش پارەیەکی زۆرکەممان دەدەنێ بەجۆرێك ماڵ هەیە چوارجار لەدەرگایان دەدەین کەچی دەرگامان لێناکەنەوە، یان خەڵك هەیە دەڵێن ئیزعاجمان مەکەن، هەیە دەڵێت بەڕۆژوونابم ئیتر بۆچی پارەتان بدەمێ و یان ئەو پارەیەی کەدەشیدەن زۆر کەمەوبەشی هیچ ناکات.

### ئێمە لەڕەمەزاناندا بۆخێر ئەم کارە دەکەین

بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە، دەهۆڵ لێدەرێکی تر کەخۆی بە محەمەدی کوڕی ئەحمەد پێناساندین، وتی « لەمنداڵییەوە لەمانگی ڕەمەزاندا ئەم کارە دەکەم و تەنیا مەبەستیشم خێرەکردنە، چونکە خۆم کارو کاسبی دەزانم و دەتوانم خۆم بژێینم، بەڵام لەبەر ئەوەی دەمەوێت خەڵك بۆپارشێو بەخەبەر بهێنم ئەم کارەم هەڵبژاردووە.



# وەک کەلتوورێک بۆ پارشێوی ڕەمەزان

ئا: دیار سالار



## دەهۆڵ لێدان لەڕەمەزاندا بۆتە کەلتوورێکی کۆمەڵایەتی لۆکاڵی

ئاراس مەحموودی توێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەدەهۆڵ لێدان لەمانگی پیرۆزی رەمەزاندا وتی «هەمووکەسێك هەوڵدەدات بەهـۆی پیشـەیەکەوە بژێـوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات، سەبارەت بەدەهۆڵ لێدانی رەمەزانانیش ئاراس دەڵێت کۆمەڵێك نەریت هەن کە تایبەتن بەمانگی ڕەمەزان لەوانە دەهـۆڵ لێـدان، رەنگە ئەمەش لەسـەردەمێکدا بـۆ ئاگادرابوونـەوە بەکارهێنرابێت بەڵام ئێسـتا ئەو ڕۆڵە کاریگـەرەی نەماوە، چونکە ئامێری ئاگادارکردنـەوە چ مۆبایـل یان کاتژمێر لەهەمـوو ماڵێکدا هەیە بێجگەلـەوەی کەهەندێـك خەڵك هەن بەرۆژوو نابن و پێویستیانبەئاگادارکردنەوە نابێت، بـەڕای من ئەم پیشـەیە ئەگەر لەڕابـردوودا بوونی پێویسـت بووبێت، ئێسـتا تەنیا وەك کەلتوورێك و تەقلیدێك ماوەو کەسانێك بە یادی جارانەوە دەهۆڵ دەکوتن.

# لەم مرۆڤستانەدا..!

نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی

-دەینووسم..چی لە دڵمدایە دەینووسم، هەموو جار دایکم دەیـــووت خودا چی لەو ناوچەوانە نووسیبێت دێتە دی..

هەروا بوو.. لە ناوچەوانم نووسرا بوو چارەڕەشی و بەدبەختـــی، خۆشـــباوەڕی، هەروایش بوو، ئاخر منێك کە تا ئامادەیشم تەواو کرد بەباشی راست وچەپی خۆمم نەدەزانی چۆن چارەنووسم دایە دەســـت زۆڵێکـــی بەدرەفتـــار؟. چۆن باوەڕم بەکەســـێك کرد کە بەدرۆ فەرهەنگی خۆشەویستیی بۆ هەڵدەڕشتم!

پاکیز بەدەم ســـڕینی فرمێســـکەکانی ســـەر گۆنایـــەوە چـــاوی بە دێڕەکانی ســـەر پەڕە کاغەزەکـــەی بەردەمیدا گێڕایەوەو تینی دایە خۆی، هـــەروەك ئەوەی بـــۆ خەڵکێکی زۆر بدوێت، دەیویست دەروونی واڵا بکات و بوێرانە بەگژ هەموو گەردووندا بچێتەوە.

-دەبوو بمزانیایە ئـــەم دنیایە گورگی زۆری تێدایە، بمزانیایە قسەی دایکم نەخشی بەردەو زەمانە فێری کردوە کە مرۆڤســـتان پڕ نییە لە فریشتە، بەڵکو کەســـانی وایشی تێدایە وەك ئاژەڵی برسی قەستیانە پەڕو باڵی نێچیرەکانیان بکەن و بەجارێ گۆشـــت و ئێسقانیان بهاڕن. دەبـــوو هەرچۆن لـــە حـــزوری براکاندا ئەوق دادەمام ئاواش لەو (خۆشەویستە) بترسامایەو بەجارێ چاوو دڵی خۆمم نەدایەتە دەســـتی، نەمهێشـــتایە دەستی چەپەڵی بگاتە دەستم و لە دیدارەکانی دیکەشدا هەموو جەستەم بکاتە کێڵگەی کێڵانی حەزە بێئابڕووەکانی..

چاوەکانـــی پڕاوپڕ بوون لـــەڕق.. پەڕەیەکی سپی خستە ســـەرەوەو بەر لەوەی دەستکاتەوە بەنووســـین، چـــاوی خەیاڵـــی چـــووەوە بۆ ئـــەو ڕۆژەی خوێن بەجەســـتەی پاکیزەییدا هاتەخوارێ. بەری چاوانی ســـوور هەڵگەڕا. پاشان تاریك داهات..

تروســـکەیەك نەمـــا تێی بڕوانـــێ.. فیلمە ترســـناکەکەی هەمیشـــە دەدییەوە، لەگەڵ خۆیـــدا بردییەوە بۆ ئەو ڕۆژە رەشـــەی دوای کاری نەکردەی هاوڕێکـــەی، پڕ بەگەرووی دەیزریکاند و کەســـێ نەبوو گوێیەك لەناڵەو هاواری بگرێت. وەك زۆرجاری دیکە گەڕایەوە بۆ حەوشە بچووکەکەی منداڵی، بۆ لای دەنگە پڕ لەسۆزەکەی دایکی..

-لەسەرەتایی بووم، دەستم بدایە سەتڵێ ئاو، یان عەلادینێ، دایکم پڕ بەســـینەی بانگی دەکردم «داینێ کچم.. داینێ پاکیز. تۆ کچیت و دەست مەدەرە شتی قورس. خراپە دایکم وامەکە...». نەمدەزانی بۆ خراپە. گەورەتر بووم و لە ناوەندیدا دەمویســـت بەر لە گەڕانەوەی برایان یارمەتی دایکم بدەم و لە ئێواراندا نوێنەکان بۆ ســـەربان کێش کەم. هەر کە چاوی بەو دیمەنە بکەوتایە دەیـــووت «کچی دایکت وامەکە.. تۆ منداڵ و لاوازیت، لە کوێ دەتوانی دۆشـــەك و ســـەرین ســـەرخەیت. داینێ کچم، خۆم دەیانبەم». رووە شەرمنەکەم هەرگیز نەیدەهێشت کلیلی ئەم باسە بدەمە دەستی هاوڕێیەکی قوتابخانەم.. یان کچە پوورە دەستە خوشکەکەم. هەربۆیە رۆژێك بەدایکم خۆیم وت «دایە گەورەبـــووم و منداڵ نیم. بۆ ناهێڵیت هاوکاریت بکەم». دەمودەس هاتە وەڵام و وتی «نا کچی خۆم گەورە نیت. ئەی نازانی کچانی عاقڵ دەبێ ئاگاداری خۆیان بن. ئەی نازانی ئەوان وەك کوڕان بۆیان نییە دەســـتبدەنە شـــتی قورس و یاری بکەن و باز بدەن». دواتر لەو دەنگـــە هێمنەوە زانیم کە ئێمەی ئافرەت تا تەواو گەورە دەبین و تا ئەو ساتەی شوو دەکەین دەبێ ئاگاداری کچێنی خۆمان بین..

بە قومـــە ئاوێك گەرووی وشـــکی تەڕکرد، لاپەڕەیەکی ســـپی دیکەی خستە بەردەستی و ویستی باســـی رۆژانی دوای لێقەومان تۆمار بکات..

-ئەو نامەردە دەیویســـت ئیشـــی خۆی دووبارە بکاتەوە. بەناوی چارەســـەری پەردەی حەیای حورمەتمەوە شتێ پارەی نایە چنگم و ناونیشانی ژنە چارەســـەرێکی دامێ. پاش ئەوەی لەگەڵ پوورزا هاوڕێکەی منداڵی و گەورەیم بە ترس و لەرزەوە گەیشتمە لای ژنەی فریادڕەس، هەموو گیانم نیشـــتبووە ســـەر ئاو و زمانم چووبووە کلیلـــە. دوای سەرزەنشـــتی ئـــەو و هەندێ بەزەیشـــی.. ئامۆژگاری کرام و بەڵێنی دامێ چارەسەرم بۆ بکات..

دەنگی پێی کەسێك دایچڵەکاند. کاغەزەکانی هەندێك کۆکردەوە و شاردەوە.. کەسەکە پیاوێکی فایل بەدەست بوو، هات و لە بەرپرسی ژوورەکەی پرســـی، ئەمیش پێی وت «هەموویان چوونەتە پرسەو سەعاتێکی تر دێنەوە..». ئەو رۆیشت و ئەمیش مێشـــکە جەنجاڵە وروژاوەکەی بردییەوە بۆ لای رۆژانێ کەزەنگی تەلەفۆن هەراســـانی دەکـــرد. بۆ لای پێوەندییەکیان کە ئەو ناجوامێرە بەدەنگی پڕ لە هەڕەشەوە پێی وت «گەر نەیەیتە لام ئـــەوا بە کاکت دەڵێم چیـــم کردوەو چۆنیش بە پارەی مـــن براویت بۆ چارەســـەر». دواتر زەنگی تەلەفۆنەکان لە مێشـــکیدا دەزرگانەوە، ئەمیش جارێ بەقسەی نەرم پێی دەووت «خوا بناســـە، ئاخر من شەرەفی خۆمم دایە دەستت.. کەمێ پیاو بە. ئەی ناترســـی ئەو خوا گەورەیە گەڕوگـــول و رووت و رەجاڵت کا..»، جارێکی تریـــش پێی دەووت «بێغیـــرەت.. چی دەکەی بیکە لێت ناترسم. شکاتت لێ دەکەم. بەگرتنت دەدەم. بەوخوایە گەر کوشتووشـــیانم بەبراکانمی دەڵێم.. ئەوسا دەزانم چیت لێ بەسەر دێنم..»..

کەوتەوە نووسین..

-ئەمجارەشـــیان وەك هەمـــوو جارەکانی دی، دادم بردەوە لای کەژاڵی پورزام.. من خوشـــکم نەبوو بەڵام ئەو لە خوشـــك دڵســـۆز تربوو بۆم و تەگبیرکـــەرم بـــوو. کەژاڵ چـــرای رێگای دایە دەســـتم، کەژاڵ وتـــی «پاکیز گیان.. بۆ ســـاڵێك دەچێ دامـــەزراوی و هەمیشـــە هەر مەدح و ســـەنای لێپرســـراوی فەرمانگاکەتان دەکەیت. بچۆرە لای و لەنووکەوە بۆی بگێڕەوە. مەگەر هەر ئەو لە ئۆیەی ئەو گورگە بێت». قسەکەیم وەرگرت.. دوامنەخست، رۆژی دوایی بەڕوویەکی پڕ لەشەرمەوە لە دەرگام داو فەرمووم لێ کـــرا.. گوێی لێ گرتم و لێـــی دەڕوانیم. منیش زۆربەی کات چاوم دەبڕییەوە زەوییەکە.. نەمدەزانی کە بێدەنگ بووم سەرزەنشت دەکرێم.. یان چی.. شەرم هەموو گیانمی داگرتبوو.. گوتی «بابیرێکی لێ بکەمەوە. ئینجا قســـە دەکەینەوە..»، بەترسەوە وتم



## چیرۆکە هەواڵ

تایبەتە بە(گوڵان وکوردستانی نوێ)

«ڕەنگــە ئیتر ڕێزم نەگرێــت.. یان بە چاوێك سەیرم بکەیت.. توخوا پێمی بڵێ وا دڵم تەقی.. بەو خوایــە کەژاڵی پورزام کە ئەوەندە باســی تۆم بــۆ کردوە فێری کردم بێــم بۆلات. توخوا چی دەکرێت؟». لەســەرخۆ کەوتە وەڵام، وەڵام هەنگوین بوو لەزاری دەباری«تۆ وەك خوشکی خــۆم وایت، خەمت نەبێ و لەم وڵاتەدا زۆرجار شــتی وا ڕوویداوە، بەڵام باسەکە کتوپڕی بوو بــۆم. دە لێم گەڕێ بــا بیرێکی لێ بکەمەوەو بیدەرە دەســت کاکی خۆت..»، گەر فەرمانگە نەبوایــە لە ئامێزم دەگــرت و تێرتێر چاوەکانیم ماچ دەکرد. ڕۆیشــتم و بەخۆمم دەووت «لەم مرۆڤســتانەدا مرۆڤی ئاوایش هەیە. ناهەقیان نییــە کارمەنــدە کۆنەکان هێندە خۆشــیان دەوێت..»..

چــووەوە ژوورەکــەو دوای کردنــەوەی چەکمەجە، ویستی کاغەزەکانی دەربهێنێ و بنووســێت، بەڵام تریقــەو گفتوگۆی هاوڕێکانی پەشــیمانی کــردەوەو توند کلیلی دایەوە.. ئەوان هاتنەوەو ئەمیش دەســتی کــردەوە ملــی بیرکردنەوەو خەیاڵەکانی..

بیــری چووەوە بۆ ئــەو ڕۆژەی تر کە لێپرســراوە ـ براکــەی تەلەفۆنەکەی لە دەست وەرگرت و بە ئاخافتنی تێکەڵ لە عەقڵ و تووڕە بوون ئامۆژگاری گورگەکەی کردو دواجار پێی وت «گەر لە قسەم دەربچیت خراپت لێ بەسەردێ.. من لەجێی بــاوك و برای ئــەم کچەم و بێیتە ڕێی، یان تەلەفۆن بکەیتەوە ئەوا بەرەو ڕووی یاسات دەکەینەوە..»..

پاکیز، بەهێمنییەکی ئاوێتە لە بڕواو خۆشحاڵییەوە هاتەوە ئێســتای، بۆ ماوەیەکی باشە نەچارەی تاڵی ئــەوی دیوەتەوەو نەگوێشــی لە دەنگی وەڕسکەری بووەتەوە..

هەڵســاو پەردەی ســەر پەنجەرەکــەی لاداو چاوەگەشەکانی بڕییە ئاسمان..

**٢٠١١/٧/٢٤**

**yasinbarznji@yahoo.com**

